## خەلیفە عەمر موسا پاسەوانی عێراقی عەرەبییە. . !!! .. ئەندازیار. کەمال غەریب ک.

2005-09-12



کورد زۆر هەوڵیدا لە کاتی دارِشتنی دەستوری دەوڵەتی عێراقدا، ناسنامەی دەوڵەتی عێراقی عەرەبی (کە زیاتر لە 1400 ساڵە بە تەوایی و بە خەستی عەرەبییە) . بشێوێنێت بە جۆرێک کە هیچ نەبێت خەستی عێراقی عەرەبی کاڵبکاتەوە یان بە نازی ووشەی ژێر پەچەوە بیشارێتەوە، نەتەوەی کورد و نیشتمانەکەی دوای جەنگە خوێناوییە سەرکووتکەرییەکەی خەلیفە عومەری کوری خەتاب، لکێنرا بە کلکی ئەو عێراقەی ئەمرۆوە، تا ئەمرۆش وەک سیاسەت کورد شەرم ئەکات بڵێت عێراقی نیم (گەر مارەش بکرانایە بە شەرع و رِێسا ئەو مافەمان هەبوو کە داوای جیابوونەوەمان بکردایە، تا ببن بە سەروەری خۆیان و لە ژێر دەستی مێردی زاڵم رِزگارمان بێت) دیارە ئەمە دەردێکی 1400 ساڵەییە و کاریگەرییە دەروونییەکانی لە ئایدۆلۆژیایی ئیسلام بە دوور نیە، هەر بۆیە بووە بە پەردەی ئەو شەرمە تاڵە و زمانی لە گۆ بردووین. دەسەڵاتی داپڵۆسێنەری عەرەبی هەر لە یەکەم ساتی هاتنی پۆستاڵەکانی عومەرەوە و بەکۆلۆنیالیکردنی نیشتمانی کورد تا دوا ساتی دەسەڵاتی سەدامی عەرەبی، هیچ دەرێخیەکیان نەکرد لە هەموو شێوە درِندەییەکانیان بەرامبەر بە پیر و مناڵ و پەککەوتەی کورد لە شمشیری کولەوە ملی کوردیان پێ برِی تا چەکی سەردەم. ئەمرِۆش خەلیفە جەعفەری سەرۆک وەزیران ئەوەی بۆیان ناکرێت بە چەکی دەستیان بە چەکی زمانیان ئەیکەن. لەم دەستورە رِەشەدا کورد نەیتوانی خۆی فەرزکات و بناسێنێت (بە دوو ووشە) کە وەک نەتەوەیەک کە پێی بڵێن کورد و نیشتمانەکەی کە پێی بڵێن کوردستان واتە ناسنامەی خۆی کرد بە فیدای ئەو عێراقەی کە پێی نەوترێت عەرەبییە، هاتن چەندەها واژە و دەستەواژەیان نوێیان داتاشی هەر لە ئەلفەوە تا زێد بەڵام کۆتاییەکەی بەوە هات کە عێراق وولاتێکی ئیسلامییە و یەکەم دامەزرێنەری کۆمەڵەی وولاتە عەرەبەکانە (باشە گەر عێراق عەرەبی نەبێت چۆن ئەبێت بە دامەزرێنەری لیگەی عەرەبی، یان گەر عێراق عەرەبی نەبێت چۆن ئەبێت بە یەکەم دامەزرێنەری یان چۆن ئەندامێتی قبووڵ ئەکرێت. . ؟؟ کەچەڵ حەسەن یان حەسەن کەچەڵە. ئەو خەونەی کورد کە پۆزی پێوە لێئەدا کە گوایە گەلی عەرەبی عێراق بەشێکە لە نیشتمانی عەرەبی { گوایە کوردی عێراقیش لەوە دنیا ئەبێت بە شێک لە نیشتمانی کوردستان }، زۆر بەداخەوە بەرگەی یەک پەنجەی شایەتومانی خەلیفە عەمر مووسای نەگرت، ئەم بەندەش هەرەسی هێنا، وەک هەرەسە یەک لە دوایی یەکەکانی بەندەکانی تر. بێدەنگی خەلیفە عەمر موسای ئەمرۆ دوای ئەو کەفو کوڵەی میدیاکانی پرِ کرد، پلەی رازی بوونیی بە دیار ئەخات لە گەرِانەوەی عێراق بۆ باوەشی عەرەبستانی گەورە. ئەوەی لەو دەستوورەدا ماوە کوردی عێراقی پۆزی پێوە لێبدات زمانی کوردییە کە وەک زمانی عەرەبی دوو زمانی ناسراو و دانپیانراون، بەڵام ئەوەش هەیە لەم عێراقەدا هیچ عەرەبێک، ئیجبار ناکرێت فێری زمانی کوردی بێت (کە

فێری نەبن چ حسابێکی بۆ ئەو زمانە دەکەن) ، بۆیە پێش لە پێگرتنی ئەم بەندە یاساییە، خۆی خۆی لە باربردووە. مافی چارەی خۆنوسین بۆ گەلی کورد کە گوایە ئێمەو مانان بوختانی بۆ دەکەین، کە نە هاتووە بەڵام گوایە لە دیباجەدا هاتووە حەز ئەکەم ئەوەندە بێژم کە دیباجە دارشتنی پێشەکی رۆمانێکە یان پەرتوکێکە بۆ میکیاچ کردنی ناوەرۆکەکەی، بەڵام ناتوانێت ببێت بە کرۆکی رۆمانەکە، هەر بۆیە گەر عەرەبەکان خوازیاری ئەو مافە بوونایە، دەبوایە لە بڕگەیەکی دەستوردا باسیان لێبکرایە تا ببێت بە یاسا لە ناو دەستووردا تا گەر حەزیان لێبوو بچەسپێندرێت. سنووری کوردستان نەک باسی لە سەر نەکراوە، بەڵکو ووشەی کوردستان خۆی قەدەغەیە، ئیتر چۆن باسی سنووری کوردستان دەکرێت. { ئەوەی پەنجەی بۆ درێژکراوە، سنووری پارێزگاکانە هەر وەک نەجەف و روومادی و سلێمانی } ئەمە ئەوەیە کە ماﻣۆستا مەسعوود محەمەد باسی دەکات: ئەڵێت کابرایەک بەشی نیو خانوویەکی دەبێت لەگەڵ کابرایەکی تردا واتە بە شەریکایەتی، دێت بەشی خانووەکەی دەفرۆشێتەوە بە کابرایەکیتر، هاورێکانی گاڵتەی پێدەکەن، کە بۆ هێندە دەبەنگ بووە، ئەو نێوە خانووەی لە دەست خۆیداوە، ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت ئێوە هیچ لە دنیای قازانج تێناگەن، گەر ئاقڵ بوونایە دەتانزانی من ئەو بەشە خانووەم فرۆشتەوە تا بەشەکەی تری پێبکرم. . . . !!!!

کوردێش گەر ناسنامەی ئەو سێ شارەی لە دەست نەدایە و دەسەڵاتێکی دەستپاکیان دروستبکردایە دوور لە مشەخۆریی وگەندەڵی، و نەبوایە بە عێراقی و تێکەڵی عێراقی ئەمرۆ نەبونایە، و ئەو سنوورە کۆنەی هێڵی 36 ی بگواستایەوە بۆ 35 تا ناوچە تازە رزگارکراوەکان و بینپاراستایە، ئەیتوانی ببێت بە خاوەنی سنوورەکان؟ [هەر لەبەر ئەوەی کورد لەهەموو هەلومەرجە سیاسییەکاندا دەوڵەت بوون، تەنها دانیان پیادا نەنرابوون، ئەمەشە یەك گوژم و پاڵ و رەشەبایی نێودەوڵەتی دەویست]، و تەنانەت شەرعییەت بە بوونی خۆی بدات وەک خاوەنی کێشەیەکی سیاسی کورد کە نیشتمانەکەی کوردستانە، دوایی بە هۆی دارشتنی دەستوورێکی کوردستانی، ئەیتوانی بە ئاسانی شەری کۆنفێدڕاڵی بباتەوە لە عێراقییەکان و لە ئەمریکاش، بە دەنگدان و خۆپێشاندان و رێفەرندۆمی راستگۆیانە، (نەک ئەو رێفەرندۆمەی گاڵتە جارِی بوو بە خەڵکی کورد. ) بیسەلمێنێت کە کورد چیتر ناتوانیت و نایەوێت لەگەڵ عەرەبدا بژیو عێراقی بوونیشی پێ قبووڵ نییە هۆکارەکەشی روونە و زۆر ئاشکرایە بۆ هەموو جیهان؟؟ کە کورد بەچی روویەکەوە لەسەر مێز لەگەڵ، بەعسییە سوونیەکان و شیعەکان ووتووێژ بکات،دوایی یەک رووبار خوێن و شارێک یەسقان و پروسکی خەڵکی ئەنفالکراو و شەهیدکردنی چەندەها شار و گوند و شارۆچکە بە چەکی کۆمەڵ کووژ. . . ئەمە دوای رەوای خەڵکی زوڵم لێکراوی کوردە. ئەمەش گەورەترین هەنگاو بوو بەرەو سەربەخۆیی پلە بە پلەیی. . ! تا بتوانین لە ماڵی خۆماندا کرێچی عەرەبەکان نەبین. . !

ئەوەی جێی سەرنجە لەم بەرکوڵەی دەستووردا: مافی میوانە تورکمانەکان، کە لە گەرای داگیرکەری توورک زیاتر نین {کە وەک مۆڵگای کۆلۆنییالی خۆیان سەپاند بە سەر خاکی کوردا } دەتوانم بڵێم لە رووی دەستوورییەوە بوونی سیاسیان بەر چاوترە کە سی جار ناویان هاتووە گەر 4000 شار و شارۆچکە و گوندی کوردی خامۆشکران و لەسەر نەخشەسڕانەوە، ناوی تاقە یەکێکیان نەهاتووە بەڵام ناوی گوندی بەشیری تورکمان لەرە بە رێزو ستایشەوە هاتووە. لەمەش زیاتر لە داهاتوودا داشی سیاسیان سوارتر ئەبێت، لە بەر ئەوەی ئێمە خۆمان بە خاوەنی سەروەری نەتەوە و خاکەکەمان نازانین. . ؟؟